# دەبێت مەسەلەی نەوتی کەرکوک لە مەسەلەی خەڵکەکەی جیا بکرێتەوە.

جبار محسن
jabarmuhsin@yahoo.com
2007-01-07

دەیان ساڵە خەڵکی کەرکوک بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی بوونەتە قوربانی نەوتی کەرکوک. رووبارێک لە خوێن، ئاوارەیی و ماڵ وێرانی، ئیعدام و سەرکوت و نائەمنی بەروبومی شەڕ بووە لەسەر نەوتی کەرکووک. وەک ئەوەی ئەم خەڵکە بۆ ئەوە بژی کە نەوتی کەرکوک پارێزراو بێت و گرەکەی هەر بەتین و بەهێز بێت، نەک ئەوەی کە نەوت کاڵای دەستی خەڵک بێت و بۆ خۆشگوزەرانی ئەوان بێت. ئەم خەڵکە بۆتە کۆیلەی ئەم نەوتە نەگریسە، نەک ئەوەی نەوتەکە کاڵاو بەرهەم و ئاداتی دەستی ئەمان بێت. گرفتی کێشەکەش لەوەدایە کەنەک نەوت وەک سەروەتێکی ئەم وولاتە بەڵکو هیچ سەروەتێکی تریش موڵکی خەڵک نەبوون و لەبەردەست خەڵکدا نەبوون و خێریان لێ نەبینیوە. هەموو سەروەتو سامانی کۆمەڵگە وەک باقی ولاتانی تر لەدەستی دەوڵەتدا بوون کە نوێنەرایەتی سەرمایەداران و چینەکەیانی کردووە. خۆ ئەگەر لە هەندێ ولات دەوڵەت بەرپرسیارێتی لە خۆی نیشان دابێت لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان و مافەکانی خەڵکدا ئەوا لێرە دەسەڵاتداران ئەو دەورەشیان نەبینیوەو وەک مافیا کەوتونەتە راووڕووت کردنی خەڵک و دزینی داهاتی کۆمەڵگە.

لەم روانگەیەوە پێویستە ئاورێک لە کێشەی خەڵکی کەرکوک بدەینەوەو دەورو کارکردی ناسیۆنالیزمی کوردو عەرەب لەسەر ئەم مەسەلەیە و رێگا چارەکانیان بخەینە روو بۆ ئەوەی دەروازەیەک بێت بۆ خستنە رووی رێگە چارەیەکی جیاواز لە پێناو چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەدا. بەرای من کێشەی خەڵکی کەرکوک دەتوانرێت لە دوو خاڵدا کۆبکرێتەوە. یەکەم کێشەی نەوتی کەرکوک کە دەردەسەریەکی زۆری بۆ خەڵکەکەی دروست کردووە. دووەم کێشەی ستەمی میللییە لەسەر خەڵکی غەیرە عەرەب زمان لەم شارەدا و بە تایبەتی خەڵکی کوردزمان. هەرچەندە کێشەی نەوتی کەرکوک قورسترین و پڕ کێشەترین مەسەلەیە کە کێشمەکێشی توندی لەسەر کراوەو دەکرێت، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا بەرئەنجام و دەرهاویشتەی خاڵی دووەمە کە ستەمیی میللیە. وە هەردووکیشیان لە بنەڕەتدا بەرئەنجام و کاریگەری ناسیۆنالیزمن*.

ئەگەر بروانین کێشەی هیچ شارێکی کوردی تر بە وێنەی کەرکوک نە لە ئێستاو نە لە رابووردوشدا ئاڵوزو پڕ دەردەسەری نەبووە. ئەگەر لە کەرکوکدا نەوت نەبوایە هەرگیز بەم ئەندازەیە کێشەکەی ئاڵۆز نەدەبوو، وەک ئەوەی کێشەکە نەوت بێت نەک ستەمی میللی. شەڕو چاوچنۆکی سەرمایەدارانی ناسیۆنالیستی کوردو عەرەب لەم مەیدانەدا بێ ئەندازە دڕەندانەبووە. ئەمانە خۆیان خەڵکەکانیان بە نەتەوەی جیاوازو بەشەری جیاواز لە قەڵەم داوەو ماف و ژیانی جیاوازیان بۆ دیاری کردوون بۆ ئەوەی زەمینەی شەڕ لە پێناو ساحیبدارێتی چاڵە نەوتەکاندا بخوڵقێننو شەرعیەتی پێ بدەن، شەڕێکی لەبن نەهاتو، شەڕێکی سەروماڵی کە هەزارەهایان پێوە سوتاندووە. سەرەرای ئەمەش لە هیچ کاتێکدا خەڵک بە بردنەوەی ئەمبەر یان ئەو بەری شەڕەکە هیچ قازانجێکیان نەکردووە. ناسیۆنالیزمی عەرەب ئەوە دەیان ساڵە ئەم چاڵە نەوتانەی لەدەستدا بووە و هەموو کەسیش دەزانێ کە بە مانای ئەوە نەبووە کە تاکی عەرەب زمان بەشێکیان لە بەرهەمی ئەم نەوتانە بەرکەوتبێت. خەڵکی کوردستانیش ئەوە

نزیک به 16 ساڵه دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد تاقی دەکەنەوە کە تەواوی داهاتی کوردستانیان بە بەشێک لە نەوتیشەوە لە دەستدا بووە و بەهەمان شێوە سەرمایەو داهاتی دەسەڵاتداران بەمانای داهات و سەروەتی تاکی کوردزمان نەبووەو نەبۆتە خێرو خۆشی بۆیان. بۆیە ئەگەری ئەوە هەرگیز لە ئارادا نییە کە ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد لەم شەڕەدا بیباتەوەو نەوتی کەرکوکی بکەوێتە دەست خێرو بێرەکەی بۆ خەڵک بێت. ئەم باسە کورتە نیشانی ئەدا کە مێژووی ناسیۆنالیزم مێژووی شەڕ لەسەر دەسەڵات و سەروەت و سامان و داهاتەکان بووە بۆ خۆیان، بۆ ژمارەیەک مشەخۆر، نەک بۆ خەڵک، بەڵام مێژووی خەڵک مێژووی خەبات و تێکۆشانە لە پێناو خۆشگوزەرانی و ماف و ئازادیەکاندا، مێژووی کۆتایی هێنان بە ستەم و چەوسانەوەکانە. هەر بۆیە دوو مێژووی جیاوازو دوو ئامانج و ئاسۆی جیاواز بەدی دەکرێت و دەبێت چارەسەری جیاوازیشیان بۆ دیاری بکرێت، بەڕای من.

ئەوەندەی بە مەسەلەی نەوتی کەرکوک دەگەڕێتەوە پێویستە ئەوە بڵێین کە دەبێت خەڵک، چ کورد زمان چ عەرەب زمان، ئەمە نە بەمەسەلەیەکی ئانی وە نە بە حەساس تەماشا بکەن. دەبێت ئەم مەسەلەی نەوتە وەک هەر داهاتێکی تری وڵات سەیر بکرێت. ئەگەر دەعوایەک هەیە تەنها دەعوا ئەوەیە کە تەواوی داهاتی کۆمەڵگە بە نەوتیشەوە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەستی خاوەنانی ئەسڵی خۆی و لە دەست سەرمایەداران، بۆرژوازی و دەسەڵاتەکانیان وەدەر بهێنرێن. ئەگەر نا خەڵک سوتماکی بەدەستهێنانی سەروەت نییە بۆ ئەم یان ئەو دەسەڵاتی ناسیۆنالیست. ئەم دەسەڵاتانە کە توانای دابەش کردنی بەرمیلێک نەوتیان نییە بە شێوەیەکی عادیلانە بەسەر خەڵکدا بۆچی خەڵک ئەبێت ببێتە سوتەمەنی بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامان بۆیان؟ بۆیە دەبێت ئاسۆو چارەنوسی خەڵک لە شەڕی ناسیۆنالیستەکان لەسەر نەوت جیا بکرێتەوەو بەهیچ جۆرێک نابێت تیایدا بەشدار بن. ئەمە دەروازەیەکی زۆر باش دەکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەی ئەسڵی خەڵکی کەرکووک کە ستەمیی میللییە.

## کەرکووک و ڕیفراندۆم بۆ کوردستان

ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئێستادا باشترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ چارەسەری وەزعی هەڵواسراو و نادیاری چارەنوسی سیاسی کوردستان. ئەم ڕێگەچارەیە بۆ کەرکوکیش هەر وایە، بەڵام ئەوەی کە کێشە دەنێتەوە و ئەم ڕێگەیە قورس دەکات و وەک گرێ کوێرەی لێ دەکات هەم بۆ کەرکوک و هەم بۆ کوردستان بەدەر لە ڕێگریە سیاسیەکان*، مەسەلەی نەوتی کەرکوکە. بەڵام ئەم گرێ کوێرەیە ناسیۆنالیزم دروستی کردووە و تەسلیم بوون پێی وە دەرنەچون لە ژێر ئەم ئیدیا و ئامانجانەی ئەوان بەهیچ جۆرێک خەڵک لە ڕزگاری نزیک ناکاتەوەو ڕیفراندۆمیش دەکاتە دروشمێکی نادروستو نا عەمەلی. کەوایە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە پێویستە ئەوە بڵێین کە ڕیفراندۆم بۆ خەڵکە نەک بۆ نەوت و سەروەت و سامانی کوردستان. خەڵکێک کە هیچ ئازاد نەبێت و چوارچێوەیەکی ڕەسمی و یاسایی نەبێت ناتوانێت داوای ئەوەی بۆ بکەیت کە حەقی چەندە وە چۆنە لە داهاتە سروشتییەکانی ژینگەدا. ڕیفراندۆم چارەسەرێکی ئینسانی و واقعیە بۆ چارەسەرێکی واقعی ئینسانەکان بۆیە دەبێت هەموو ئەو شتانەی لێ بتەکێنرێت کە ئینسانیەت و ماف و خۆشگوزەرانی خەڵک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کە وایە ڕیفراندۆم تەنها بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی خەڵکەکەیە نەک دیاری کردنی سنور یان داهاتی وڵاتێک کە قەرارە پێک بێت. دواتر خەڵکی جیابۆوە لە عێراق خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن کە چۆن

دانوستاندن دەکەن لەسەر ئەو کێشانە. ئەگەر ژیانێکی باشتری خەڵکی کوردستان لەوەدابێت کە تەنازول بکرێت لە داهاتە نەوتیەکانی کەرکوک من لایەنگری ئەوەم کە تەسلیم به عێراق بکرێت.

---

* بڕوانن باســـــــــی منسور حکمت: میللەت و ناسیۆنالیـــــزم و بەرنامەی کـۆمۆنیزمی کرێکـــاری http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

* ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێستادا ڕێگری یەکەمە لە ڕێگرتن لە بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا. ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتانی چواردەور هەر یەکەیان بە دەوری خۆیان دەیانەوێت ڕێ بگرن لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بەڵام ئەمان خۆشیان ڕێگریان زۆرەو ئەم کارە بۆیان ئاسان نییە. ئیفلاسی سیاسی ئەمریکاش فرسەتێکە بۆ خەڵکی کوردستان کە ناچاری بکەن دان بە ڕیفراندۆم و مافی خەڵکی کوردستاندا بنێت.